مالیکی: عێراق ئامادەیە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا بکات



نوری مالیکی سەرکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا ئەمڕۆ دوشەممە ئامادەیی عێراقی بۆ بەرگریکردن لە پەیوەندی و بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا دوپاتکردەوە و رایگەیاند، عێراق سیاسەتکی هاوسەنگ پەیڕەو دەکات لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەمو وڵاتانی ناوچەکە.

بەگوێرەی راگەیەندراوکی نوسینگەکەی، نوری مالیکی ئەمڕۆ پێشوازی لە ڤیکتۆریا تایلۆر جێگری یاریدەدەری پێشوی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کردوە، و لە میانی دیدارەکەدا باسیان لە پێشهاتەکانی دێخی ناوچەکە و کاردانەوەکانیان لەسەر عێراق کردوە.

نوری مالیکی لەو دیدارەدا ڕایگەیاندوە، "عێراق و ئەمریکا پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە، هەردو وڵات ڕێککەوتنکی چوارچێوەی ستراتیژییان واژکردوە کە ئامانجی بەرزکردنەوەی هاوکاری هاوبەش و پاڵپشتیکردنی پرسەی بنیاتنانی تواناکانی عێراقە لە بوارە جیاجیاکاندا"، داوایکرد لە ئایندەیەکی نزیکدا کارابکرێت.

نوری مالیکی "ئاماده‌یی عێراق بۆ به‌رگریکردن له‌ پەیوەندی و به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی له‌گه‌ڵ ئه‌مریکا" دوپاتکرده‌وه‌ و ڕونیشیکرده‌وه‌ "تێگه‌یشتنمان له‌ پته‌وکردنی پەیوەندییه‌کان له‌ ڕێگه‌ی به‌رده‌وامکردنی هاوبه‌شی ئابورییه‌وه‌ دێت بۆ گه‌یشتن به‌ به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی دو گه‌لی دۆست".

نوری مالیکی ئاماژه‌ی به‌وه‌شکرد، "عێراق سیاسه‌تێکی هاوسه‌نگ پەیڕه‌و ده‌کات له‌ پەیوەندییه‌کانی له‌گه‌ڵ هه‌مو وڵاتانی ناوچه‌که‌، ئه‌و دیالۆگانه‌شی که‌ له‌ لایه‌ن هێزه‌ نیشتیمانییه‌کانه‌وه‌ ئه‌نجامده‌درێن ئامانجیان ته‌واوکردنی مه‌رجه‌ ده‌ستوورییه‌کانی پەیوەست به‌ قۆناغی داهاتوه‌ له‌ پێکهێنانی حکومه‌تێك که‌ توانای جێبه‌جێکردنی داواکارییه‌کانی گه‌لی عێراقی هه‌بێت".

لای خۆیه‌وه‌، ڤیکتۆریا تایلۆر جه‌ختی له‌ "گرنگی ڕۆڵی سه‌ره‌کی عێراق له‌ ناوچه‌که‌دا کرده‌وه‌، ئاماژه‌ی به‌وه‌دا که‌ به‌شدارێکی کارایه‌ له‌ هه‌وڵه‌کان بۆ گه‌یاندنه‌وه‌ی سه‌قامگیری و به‌رزکردنه‌وه‌ی ئاسایشی ناوچه‌که‌".